# سەرۆکایەتی پەرلەمان کەی کاتی یاسای جگەرە کێشانە؟!

**ئالان ئارانی _چوارقورنە**

**لەکاتێکدا واخەریکە خەڵکی کوردستان مێشکی ئەتەقێ لەگێژاوی بیرکردنەوەی :**

- **سوپای تورکیا هێرش دەکات یان چەکوشی ئامادەیە بۆ تەنازول پێ کردنمان لەئایندەی شتە گرنگەکان؟؟**
- **ماددەی 140 یش وەك ماددەی 58 دەبێتە ژمارەیەکی بێ گیانی تر یاشتی تر لەدایك دەبێت ؟!**
- **کۆنگرەی پەرلەمانی عەرەب لەساڵی تازەو لە مانگی دوو لەهەولێر دەبەسترێ بڵێ ی ،مەبەستیان گێڕانەوەی هەولێر نەبێت بۆ باوەشی نیشتمانی عەرەبی ؟ خوا دەزانێ بەعەگال ودیشداشەوە دێن و، وتارەکانیان چ ژەهریك دەڕێژێ؟**
- **ئەمساڵیش بۆ کارەبا هەر برادەرانی مولیدەکان برا گەورەدەبن..نەوت هەر وا بەگرانی بیکڕین ؟؟**
- **هاوینمان بە مەترسی کۆلێرا بەڕێ کرد ، دیسان پاییز هاتەوەو دەڵێن ئەنفلۆنزای باڵندە لەدەرگا دەدا...کۆلێرا فێری ئاوی بوتڵی (کارگەی ئاوی بەرپرسانی ) کردین و، ئەنفلۆنزای باڵندەش فێری مریشکی پاکەتی ( سەربڕخانەی بەرپرسانی ) کردین !!چەندان پرسیاری تری بێ وەڵام لەدڵ ودەرونی خەڵکدایە ...**

**بەرێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان / هەروەکو ئاگادارن هەموو دەوڵەتانی چوار دەورمان ددانیان تیژ کردون و ،هەر ڕۆژە بەبەهانەیەك سەرسنورێك تۆپباران دەکرێت ..ئەو هەموو کۆنگرەو کۆبونەوانە دەکرێن لەژێرەوە نەخشە بۆ لەباربردنی ئەزمونی کوردستانی باشور دادەڕێژرێ ،هیچ کەسێك نازانێ ئەم سەری ساڵە چی ڕوو دەدا ( گەلا دەبێ یا پەمۆ؟؟ ) ...ئینجا بەڕاستی نازانم ئێوە ئیشەکەی خۆتان لەبیر چۆتەوە ، یا ئەوپیلانانەی لەئارادان بەلاتانەوە گرنگ نین ؟؟یا باکتان نیە ئەو ئەزمونە لەبار بچێ؟ تو خوا ئێستا کاتی باسکردنی یاسای ( قەدەغەکردنی جگەرە کێشانە ؟؟ ) یا دەتانەوێ مەسە چارەنوس سازەکانمان لەبیر بەرنەوە تا بەسەر کارەساتەکاندا دەکەوین ؟؟!!شەرمێکی گەورەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان گوێ لەئەندامەکانی ناگرێ و ، بەشێوەی دکتاتۆری سەردەمیانە چیان بوێ ئەوە ئەخەنە بەرنامە..ئەگەر وانیە ئەندام پەرلەمان (ڤیان دزەیی ) کەی توانیویەتی دوقسە لەناو هۆڵی پەرلەمان دا بکات ، تا ئێستا بێت پرۆژەیاسای هەبێت ؟؟ توخوا ئەمە دەستێکی پیسی پیلانای نیە لە پشت (جگەرە کێشانەوە ) خۆی حەشارداوە ؟؟!! ڤیان دزەیی ئەگەر پرۆژەی هەیە با لەکاتی خۆیدا پێشکەشی بکات و، نەك ئێستا ( خەڵك سکی دێشێ کەچی دەست لە پشتی دەخەن!! ) وەك ئەوە وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەهاوینان دا سۆپا دابەش بکا و لەزستانانا ترمۆز دابەش بکا....شەرمێکی گەورەیە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئێستا ئێوە باس لەجگەرە کێشان بکەن و، واخەریکە گەلە گورگ لەمەڕەکانمان دەداو ..هەڵۆ لەکۆترەکانمان..بەسیەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئێوە بەرپرسیارێتیەکتان لەسەر شانەو جێبەجێتان نەکردووە ..بەسە بەس.. یا بادانیشتنەکانتان بەتەلەفزیون نەگوازرێتەوە ، یا گوێ لەئەندامەکانتان بگرن و چی تر مێشکی خەڵك زەحمەت مەدەن، ئەوان ئەو دانیشتنەی پەرلەمانیان ناوێ، هەروەکو ڕۆژی دووشەممە ئەندامانی پەرلەمان بەسەرۆکایەتی پەرلەمانیان وتو بەلام سەرۆکایەتی هەر وەکو پیشەی پێشوی گوێ ی لەکەس نەگرت ..بەسە خەڵك قسەی هەیە ...بۆ دەبێ کاتێ میوانێك دێت یابارودۆخێکی ناسك دێتە پێشەوە هەر لێپرسراوی فڕاکسیۆنەکان بۆیان هەبێت قسەبکەن؟؟ئەی بۆ ناهێڵن ئەندامانی تر قسە بکەن؟؟هەموو کەس دەزانێ سەرۆکی فڕاکسۆنەکان یا قسەیان پێ نیە یا قسەی سەرۆکی حزبەکان دەجونەوە!! تو ویژدانتان سەرۆکایەتی پەرلەمان مانگ و نیوێکی ماوە بۆ وادە بەسەرچونی ماددەی 140 ئێستا کاتی قسەکردنە لەسەر جگەرەکێشان؟..نیوەی دەرچوی پەیمانگای ماموستایان دانەمەزراوە..گەورەترین کێشەی خویندکارانی زانکۆکان لەئارادا( ئەوانەی بەهەڵە وەرگیراون )...کێشەی ئالای کوردستان و ئالای عێرا هەیە ..ئەرێ بەڕاست ( سەرۆکایەتی پەرلەمان )ئێوە لەدۆڵێك و میللەت لەدۆڵێکی تر ) ..بەراستی ولاتی ئێمە بەئەمری خوا بەڕێوە دەچێ ...هەر ئەبێت خواش ڕەحمی پێ بکات!!**